Asylum Support Partnership
help and advice

Kurdish (Sorani) October 2010

# کارتی پارەپێدانی "Azure" پەیوەندیدار بە یارمەتی خەرجی بەشی 4 (Section 4)

ئەگەر یارمەتی خەرجی بەشی 4 تان پێشکەش بکرێت، دەتوانن لە خانوو و یارمەتی خەرجی حەفتانە لە بایەخی 35 پاوەند کەڵک وەرگرن. ئێوە یارمەتی خەرجی حەفتانەی خۆتان لە رێگای سیستەمێکی خۆکاری پارەپێدانی کارتەوە وەردەگرن کە ناوی کارتی پارەپێدانی "Azure"ە.

رێکخراوێک بە ناوی سۆدێکسهۆ (Sodexho) سەرپەرشتی سیستەمی پارەدانەکە دەکات لەجیاتی ئاژانسی سنووری بەریتانی(UK Border Agency (UKBA. کارتەکە بەکاردەهێنرێت بۆ کڕینی خۆراک، کەلوپەلی پاکژیی و چەندین شتی دیکە کە لە چەند مارکێتێکی دیاریکراو دەفرۆشرێن و رەزامەندییان نیشانداوە بۆ قبووڵکردنی ئەم کارتە.
ناتوانیت کارتی دیاری، بەنزین و گاز بە کارتی ئازیوەر بکڕیت.

## چۆن کارتەکە وەردەگریت؟

پاش دیاریکردنی ناوچەی نیشتەجێ بوون پێشکەشکاری خانووبەرە کارتی پارەپێدانی تایبەت بە خۆتانتان دەداتێ. ئەگەر دەستبەجێ کارتەکەتان پێ نەدرێت، دەبێت بۆ کڕینی شتومەک لە فرۆشگەکاندا ڤاوچەرتان بدەنێ.

## بەکارهێنانی کارتەکە چۆنە؟

یارمەتی خەرجی حەفتانە بە شێوەی خۆکار لە نیوەشەوی یەکشەممەکاندا دەخرێتە حسابی کارتی ئێوە. پاش ئەوە ئێوە دەتوانن کارتەکە بۆ فرۆشگە دیاری کراوەکان ببەن و بەوە تا رادەی بایەخی یارمەتی خەرجی حەفتانەی خۆتان خواردەمەنی، پێویستی پاکژی یان جلوبەرگ دابین بکەن. پێویست ناکات کە هەموو پارەکەتان بە یەکجار لەیەک فۆرشگە (دوکان)دا خەرج بکەن.

کارگێڕی فرۆشگە کارتەکەی ئێوە دەخاتە نێو ئامێری کارت خوێندنەوە تا بڕێکی پارە لە بایەخی ئەو شتانەیدا کە کڕدراون لە حسابی کارتی ئێوە کەم بکرێتەوە و بە شێوەی خۆکار بگوێزرێتەوە سەر حسابی فرۆشگە.

## تکایە سەرنج بدەن کە:

- **ئەگەر کەسێکی گەورەساڵ و سەڵتن (زگورد)**، ناتوانن بڕێکی زۆر پارە لە کارتی پارەپێدانی خۆتاندا پاشەکەوت بکەن. ئێستاکە، ئەگەر یارمەتی خەرجی حەفتانە لە حسابی ئێوەدا بمێنێتەوە، **تەنیا تا رادەی 5 پاوەند لەو بڕە پارەی کە خەرج نەکراوە** لە کاتی نۆژەنکردنەوەی تەرازوی حسابەکاندا دەگوێزرێتەوە سەر یارمەتی خەرجی حەفتەی داهاتووی ئێوە. پاشماوەی پارەکەتان لێوەردەگیردرێتەوە.
- ئێوە بەتەنیا دەتوانن تا رادەی ئەو بڕە پارەیەی کە لە حسابەکەتاندا هەیە شت بکڕن. ئەگەر زۆرتر لە رادەی پارەی حسابەکەتان بکڕن، فرۆشگەکە رێگە نادات هیچ کام لەو شتانەی کڕیوتانە ببەنە دەرێ. بۆ بەرگیری لە ڕوودانی وەها شتێک، تکایە **پێش ئەوەی** کارتەکە بخەنە نێو ئامێری کارت خوێندنەوە، سەرنج بدەن کە بڕە پارەی نێو حسابەکەتان بەرابەر یان زۆرتر بێت لە نرخی ئەو شتانەی کە دەتانەوێت بیانکڕن.

نامیلکەکانی تری وەرگێردراو لە ماڵپەری http://languages.refugeecouncil.org.uk دا لە بەردەست دان.

Asylum Support Partnership is a partnership project hosted by the British Refugee Council
British Refugee Council, (commonly called the Refugee Council) is a company limited by guarantee registered in England and Wales, [No 2727514] and a registered charity, [No 1014576].
Registered office: 240-250 Ferndale Road, London SW9 8BB, United Kingdom, VAT no: 936 519 988

- لە کیۆسکەکانی پارەپێدانی سێلف سێرڤسی ناو فرۆشگەکان کەڵک وەرمەگرن. ئەوانە بۆ کارتی Azure ئامادەنەکراون.
- ناتوانیت داوای "وەرگرتنەوەی پارە" (Cash Back) (گەڕانەوەی پارە) بکەیت لە فرۆشگەکاندا.
- **ناتوانیت ئەم کارتە لە ئامێرەکانی بانکدا یان کاش مەشیندا بەکاربهێنیت.** ئەگەر بتانەوێت کارتەکەتان لە کاش مەشیندا بەکاربهێنن ئەوا کارتەکەتان لە کار دەکەوێت و هەتا جارێکی دیکە لەلایەن UKBA ەوە چالاک نەکرێتەوە ناتوانن لە فرۆشگەکاندا کەڵکی لێوەرگرن.

### چۆن بزانم کارتەکەم چەندەی پارە لەسەرە؟

**بۆ کۆنترۆڵی پارەی کارتەکە، دەتوانن پەیوەندی بکەن بە هێڵی راگەیاندنی پارەی کارتی Azure (Card Balance Enquiry Line) وە بە ژمارە تەلەفونی 0800 028 5364.**

- پەیوەندی کردن لە ڕێگای تەلەفونی ئەرزییەوە بەخۆڕاییە بەڵام بۆ تەلەفونی مۆبایل بە خۆڕایی نییە.
- دەبێت ژمارەی کارتی پارەپێدانی Azure ی خۆت داخڵ بکەیت.
- ڕێنماییەکان هەمووی بە زمانی ئینگلیزیە و خزمەتگوزاری وەرگێران پێشکەش ناکرێت؛ تکایە ئەگەر ئینگلیزی نازانن داوای یارمەتی لە کەسێک بکەن بۆ وەرگێرانی ڕێنماییەکان.

### لە چ فرۆشگەیەکدا دەتوانم کارتەکەم بەکاربهێنم؟

ئێوە دەتوانن ئەم کارتە لە: Tesco, Asda, Sainsbury's, Morrisons, The Co-Operative Peacocks و Boots دا بەکار بهێنن.

ئێوە دەبێت نوێترین زانیاریی پەیوەندیدار بەو فرۆشگە خۆجێیی و نیشتمانیانەوە کە کارتەکە پەسەند دەکەن لە پێشکەشکاری خانووبەرەی خۆتان وەرگرن.

### ئەگەر کێشەیەک ڕوویدا دەبێت بە چ کەسێکەوە پەیوەندی بکەم؟

- **ئەگەر کارتەکەی ئێوە کار ناکات.** هێڵێکی یارمەتی بۆ کێشەکانی پەیوەندیدار بە کارت دیاری کراوە: **هێڵی ڕێنوێنی مشتەری پەیوەندیدار بە پەناخوازانی Sodexho (Asylum Seekers Customer Helpline) ژمارە 01276 687 098 (لە کاتژمێری 9ی بەیانی تاکو 5ی ئێوارە).**

- **بۆ کێشەکانی پەیوەندیدار بە پارەی حەفتانە یان یارمەتی خەرجی دیکە** پەیوەندی بکەن بە گرووپی ناوچەیی UKBA یان گرووپی بەشی 4 ەوە.

- **ئەگەر کارتەکەتان وون ببێت یان بدزرێت.** ئێوە دەبێت پێشکەشکاری خانووبەرەی خۆتان لەو بابەتە ئاگادار بکەنەوە کە ئەو دەتوانێت زیاتر ڕێنوێنیتان بکات و دەتوانێت پشتگیری کوتوپری (ئیمێرجنسی) تان بۆدابین بکات.

- **ئەگەر لە فرۆشگەکاندا کێشە ڕوودات:**
هەموو فرۆشگە ئاماژەپێکراوەکان و ئەو فرۆشگە نوێیانەی دیکە کە لەلایەن UKBA ەوە یان پێشکەشکاری خانووبەرەی ئێوەوە رادەگەیندرێن، دەبێت کارتەکە قبووڵ بکەن.
زانیاریەکانی پەیوەندیدار بە کارتەکە دەبێت پێشکەشی کارگێرانی فرۆشگەکان بکرێت و دەبێت پێیان بگوترێت کە بەکارهێنانی ئەم کارتە پێویستی بە واژۆ، ژمارەی پێناس (PIN) یان بەڵگەکانی تری ناسنامە، نییە.
ئەگەر کارگێڕەکان کارتەکەی ئێوەیان قبوڵ نەکرد، ئێوە دەبێت داوایان لێ بکەن کە بۆ دڵنیابوونەوە لەسەر بابەتەکە پەیوەندی بکەن بە بەڕێوەبەری خۆیانەوە یان لە بەڕێوەبەرەکە داوا بکەن کە بۆ دڵنیابوونەوە لەسەر بابەتەکە پەیوەندی بکەن بە ژمارەی خزمەتگوزاری مشتەریەکانی Sodexho ەوە.
ئەگەر کارتەکەی ئێوە خرابێتە نێو ئامێری کارت خوێندنەوەوە بەڵام فرۆشگەکە رێگەتان پێ نەدات شتەکان ببەنە دەرێ، لە فرۆشگەکە داوا بکەن کە پسوڵەی قبوڵنەکردنی کارتەکەتان بداتێ.
پارەی خۆتان کۆنترۆڵ بکەن: ڕەنگە وێرای ئەوەش دیسان لە حسابەکەتان پارە کەم کرابێتەوە.
ئەگەر پارە کەم کرابێتەوە بەڵام رێگە نەدرێت ئێوە شتەکان ببەنە دەرێ، بڕی پارەی کەم کراو دەبێت لە ماوەی 48 کاتژمێردا بە شێوەی خۆکار بێتەوە سەر حسابەکەی ئێوە.
ئەگەر دەستبەجێ پێویستتان بە وەرگرتنەوەی  پارە کەمکراوەکە بێت یان ئەگەر پارەکە پاش 48 کاتژمێر نەیەتەوە سەر حسابی کارتەکەی ئێوە، پەیوەندی بکەن بە رێکخراوەی پەنابەرانی خۆجێییەوە .

**بۆ دەستەبەرکردنی زانیاریی یان رێنوێنی زۆرتر پەیوەندی بکەن بە یەکێک لە رێکخراوەکانی پەنابەرانی ناوچەی خۆتانەوە .**



Asylum Support Partnership consists of:

North of England Refugee Service, charity number: 1091200 www.refugee.org.uk
Refugee Action, charity number: 283660  www.refugee-action.org.uk
Refugee Council, charity number: 1014576 www.refugeecouncil.org.uk
Scottish Refugee Council, charity number: SC008639 www.scottishrefugeecouncil.org.uk
Welsh Refugee Council, charity number: 1102449 www.welshrefugeecouncil.org